
# لایتێک تەنیا بە ئاو کار دەکات

بۆ ئەوانەی گەشـــت و ســـەیران دەکەن و شەوانە لە دارســـتان و چیادا دەمێننەوە، چـــرا لایت ئامرازێکی گرنگـــە! هەتا ئەو چەند ســـاڵەی دوایی نەبێت چرا لایتەکان تەنیا بە وزەی باتری کاریان دەکرد، ئێستا چرا لایتێـــك لەلایەن کۆمپانیای ئیتان بەناوی BLACKout buddy H2O بەرهەمهاتووە کە تەنیا بە ئاو کار دەکات.

ئەم چرا لایتە جۆرێك لە باتری شەحنکراوەی تێدایە کە بەئاو شـــەحن دەبێتەوە، بەهۆیەوە سێ گلۆپی LED رووناك دەبن. هەر ئەوەندە بەســـە تۆزێك ئاو لە شوێنی ئاوتێکردنی لایتەکە بکرێـــت و چرا لایتەکە بەهۆیەوە هەتا 72 کاتژمێر بەردەوام کار دەکات. ئەگەر هەســـتت پێکرد رووناکی کەم بۆتەوە هەندێکی دیکە ئاوی تێبکە بەسە.









# دێڵ رکابەری لەگەڵ سۆنـــــ

کۆمپانیای dell رایگەیاند بە بەرهەمهێنانی ئامێری تایبەت بەگەمـــەی ئەلکترۆنی تایبەت بەخۆی دەکەوێتە رکابەرییەکی جددی لەگەڵ ســـۆنی و مایکرۆسۆفت. ئەگەر هەتا ئێستاکە دوو دڵی بـــۆ هەڵبژاردنـــی ئامێرێکی تایبـــەت بە گەمەی ئەلکترۆنی لە نێوان کۆمپیوتەری تایبەت بەگەمەی ئەلکترۆنی و ئامێرێکی دیکە یەکێکیان هەڵبژێری، پێموایە Alienware Al-pha هەڵبژاردنێکی گونجاو بێت. گەرچی لەمێژ ساڵە سۆنی و



# مەچەکبەندی سمارت سیمکارتیشی دەخرێتە سەر

هونەرمەندی گۆرانی راپی ئەمەریکـــی will.i.amیش هاتە ناو جیهانـــی ئامێرە دیجیتالییەکانـــەوە، ناوبراو مەچەکبەندێکی هۆشـــمەندی بەناوی Puls خســـتەڕوو، مەچەکبەندەکە ئەرکی مۆبایلیـــش ئەنجام دەدات، چونکە ســـیمکارتی دەخرێتە ســـەر کـــە بەهۆیەوە دەکرێت پەیوەندییـــەکان وەڵام بدرێنەوە، هەروەها لە سیستەمی G3یش سوود وەردەگرێت.

بازنە دیجیتالییەکە رامەکەی گیگابایتێکە و 16 گیگابایتیش میمۆرییەکەتی و پشتیوانی لە سیستەمی GPS و G3 و سیمکارت دەکات. باترییەکەشی لە لای خوارەوەیەتی.

لەسەر شاشـــە چەماکەوەی دەتوانی ئەپڵکەیشنی تەندروستی ســـەیر بکەی، جگە لەوەش سیســـتەمی وەڵامدانەوە بە دەنگی هەیـــە. ئەوەی جێگەی ســـەرنجە بـــۆ ئەم بازووبەنـــدە چەند ئامێرێکیش چێکراوە کۆتێك بۆشـــەحنکردنەوە، کۆڵەپشتییەك بۆ سیستەمی دەنگی و پێڵاو بۆ ژماردنی هەنگاوەکان!

# درایڤ بۆت فیتەری ئۆتۆمبێلەکەتە

ئۆتۆمبێل لــە ژیانی ئەم ســەردەمەی کۆمەڵگەدا گرنگی تایبەتی هەیە و ئۆتۆمبێلەکانیش وەك ئامێرەکانی دیکە بەرەو دیجیتالی و هۆشمەندی ڕۆیشتوون، زۆربەی هــەرە زۆری خەڵك تەنیا ئەوەندە لــە ئۆتۆمبێل دەزانێ کە وەك شــۆفێرێك ئۆتۆمبێلەکە باژوێت، ئیدی تێکچون و خراپ بوون بە فیتەر بســپێرێت، ئەوەش تێچوویەکی ماددی دەوێــت. لەم ماوەیــەدا بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالی ســەردەم ئامێری درایــڤ بۆتیان(Drivebot) بەرهەم هێناوە.

ئەم ئامێرە بچووکە و بەقەد فلاش میمۆرییەك دەبێت، وەك دەنگڵێك بە شــوێنی تایبەتی کە لەســەر زۆربەی ئۆتۆمبێلەکان هەیە دەخرێــت، لە ڕێگەی ئەوەوە دەزانی چ کەموکوڕییەك لە ئۆتۆمبێلەکەدایە، گشــت زانیاری ســەبارەت بە مۆبایلەکە لە ڕێگــەی درایڤ بۆتەوە بۆ ســەر مۆبایلەکەت دەگوازرێنەوە، لەســەر مۆبایلەکەت کە ئەپلکەیشــنێکی تایبەت بە درایــڤ بۆتی تێدایە و ئاگاداری کەموکوڕییەکانی سەر ئۆتۆمبێلەکەت دەبی. کە ئەم ئامێرە لەسەر ئۆتۆمبێلەکەت هەبێ، ئیدی دەزانی چ کەموکوڕییەك لە ئۆتۆمبێلەکەتدا هەیە و پێویستت بە فیتەر نامێنێت.







## ـــــی و مایکرۆسۆفت دەکات

مایکرۆســۆفت بە بە بەرهەمهێنانی ئامێری تایبەت بەگەیمی وەك PS و ئیکس بۆکس، لــە مەیدانەکەدا یەکەم بووبن، بەڵام پێشــبینی دەکرێت ئەو ئامێرەی دێــڵ ڕکابەرێکی جددی بێت بۆ ئەوان.

ئامێری ناوبراو پرۆسیســەری دوو پانتایی Core i3 لەسەرە کــە خێراییەکەی نزیکەی 3 گیگاهێرتز دەبێت، چوارگیگابایت رامەکەیەتی و 500 گیگابایت هاردییەتی.



## شاشەیەک سێ جار قەد دەبێتەوە!

لەماوەی ئــەم دەیەی دواییــدا تەکنەلۆژیای شاشــە، واتە (screen) چ شاشــەی تەلەڤزیۆن بێت، یان شاشەی کۆمپیوتەر گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە دیوە. شاشەکان لە قەبارەیەکی زۆر گەورەوە بەرەو تەنکی ڕۆیشتن تا وای لێهات وەك پەرەکاغەزێکی تەنکیان لێهات. لەم دواییەدا کۆمپانیایەکی ژاپۆنی شاشــەیەکی لە جۆری super AMOLED بەرهەم هێناوە کە دەکرێت ســێ جار قەد بکرێت و بنووشــتێتەوە. ئەمە یەکەمین شاشەیە بەمجۆرە لە جیهاندا بەرهەم بێت. بەرهەمهێنەرانی شاشە دەڵێن شاشەکە هیچ کات کوالیتی خۆی لەدەســت نادات، ئەگەر هەزاران جاریش بەم شێوەیە بنوشتێتەوە.



# فلۆ شوێنی ماوس دەگرێتەوە

ماوس، شاکلیلی جیهانی کۆمپیوتەر مێژوویەکی لەمێژینەی لەگەڵ کۆمپیوتەردا هەیە، بەبێ ماوس (مشکۆکە) ناکرێ هیچ سوودێك لە کۆمپیوتەر وەربگیردرێت، ئەگەرچی شاشەی لەمسیش بەرهەمهاتووە، بەڵام هیچ لەرۆڵ و گرنگی ماوس کەمی نەکردۆتەوە و هیچ ئامێرێکیش شـوێنی ماوسی نەگرتۆتەوە. لەم ماوەیەدا ئامێرێکی بەناوی Flow بەتەمایە شوێنی مـاوس لەق بکات و ماڵئاوایی بە ماوس بکات. (فلۆ) کە ئامێرێکە لە شـێوەی بازنەیی و بەقەد ماوسێك دەبێت دەستووره جووڵەییە و لەمسییەکانتان بە باشترین شێوە ئەنجام دەدات.

خاڵی جێگـەی تێڕامان ئەوەیە کە ئێوە دەتوانن خۆتان جووڵـەکان دیاری بکەن، بۆ نموونە ئەگەر بەری دەستتان بۆ سەرەوە بەرن و بۆ لای خوارێ یان سەرێ جووڵەی پێبکەن، دەنگ کەم و زیاد دەکات. (فلۆ) لەگەڵ سیسـتەمی کۆمپیوتـەر و تەبلێت دەگونجێت. پرۆگرامەکانـی وەك کۆمپیوتـەر، ئۆتـۆکاد، فۆتۆشـۆپ و رادیۆی ئەنتەرنێتیش لەگەڵ (فلۆ) دەگونجێن.



# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز پرسـیارێکی ئاراستە کردووین، دیارە پرسیارەکەی هـی زۆر خوێنەری دیکەشـە کە دەپرسـێت: من مۆبایلێکی جۆری گەلەکسـی ٤م هەیە، پرۆگرام و یاری زۆرم خستۆتە سەر بە جۆرێك کە میمۆری ناوخـۆی مۆبایلەکە بەرەو پڕبوون دەچێت، باشـە چۆن دەکرێت ئەو پرۆگرام و یارییانە بۆ سەر کارت میمۆری بگوازمەوە؟

خوێنەری بەڕێز، پرۆگرامگەلێکی زۆر هەن کە ئەرکیان گواستنەوەی فایل و داتاکانە لەسـەر میمۆری ناوخۆیی بۆ سەر میمۆری کارت، بەڕای من باشترینیان پرۆگرامی Premium FolderMountیـە. ئەم ئەپلکەیشـنە، گشـت داتا و پرۆگرامەکان لە میمۆری ناوخۆیی دەگوازێتـەوە بۆ سـەر میمۆری کارت. نە تەنیـا پرۆگرام، بەڵکو وێنە و مۆسیقا و فیلم و فۆلدەرەکان دەگوازێتەوە، ئەم پرۆگرامە لەسەر گشت ئەو مۆبایلانەی سیستەمی ئەندرۆیدیان لەسەرە دادەبەزێت..

# ویندۆز ١٠ دوو سیستەم پێکەوە دەبەستێتەوە





چـاوەڕوان دەکرا ناوی نوێترین ویندۆزی مایکرۆسـۆفت ویـنـدۆز 9 بێت، چونکە ویـنـدۆزی پێشـووتر ویندۆز 8.1یـە. بەڵام لـە راگەیاندنێکی چـاوەڕوان نەکراودا، مایکرۆسـۆفت رایگەیاند کە ویندۆزی دواتر ویندۆز 10یە، ویندۆزێك بەناوی ویندۆز9 بەرهەم ناهێنرێت.

بەشـێك لە تایبەتمەندییەکانی ویندۆز 10 ئەمانەن، هـەروەك دەزانن کاتێك ویندۆز8 بەرهەم هات و دوگمە و شـریتی START لەو ویندۆزەدا نەما، زۆر لە بەکارهێنەرانی ویـنـدۆز کەوتنە گلەیی و هەتا هەندێکیان ئامادە نەبوون ویندۆز7 بە ویندۆز 8 بگۆڕن، بـەڵام ویندۆز10 تێکەڵاوییەکە لە نێـوان ویندۆز8 و 7دا. هەرچەنـدە ویندۆز 10 کە مایکرۆسـۆفت خسـتویەتەڕوو، بۆ تێسـت و تاقیکارییە و هەتا ڤێرژن و دەستکاری دوایش ماوەیەك دەخایەنێ، رەنگـە گۆڕانکارییەکی زۆری تێدا پێك بێنێ. گرنگترین گۆڕانکاری ئەوەیە لە ویندۆزدا چەندین دیسـکتۆپ هەیە بۆ رۆیشتن لە ویندۆزێکەوە بۆ ویندۆزێکی دیکە بە داگرتنی دوگمەیەك ئەنجام دەدرێت.



# قایشی پانتۆڵیش مۆبایل شەحن دەکاتەوە

هەتا ئێستاش دابەزینی شـــەحنی مۆبایل لەکاتە هەستیارەکاندا بۆ بەکارهێنەران وەك کێشەیەك ماوەتەوە. چونکە مۆبایل بۆ شەحنکردنەوە پێویستی بە کارەبا هەیە و کارەباش لە هەموو شوێنێك نییە. هەرچەندە ڕێگەی دیکەش هەیە بۆ شـــەحنکردنەوە وەك وزەی خۆر و شـــەحنی پورتێبڵ..تاد. لەم ماوەیەشـــدا قایشـــێکی پانتۆل بەناوی Xoo بەرهەم هاتـــووە کە باترێکی تایبەتی تێدایە و شـــوێنی دانانی کێبڵی میکرۆ یوئێـــس بی هەیە، بەهۆیەوە دەکرێت مۆبایلەکەت شـــەحن بکەیەوە. هەرچەندە ماوەیەکی زۆری پێدەچێت کە مۆبایلێك شەحن بکرێتەوە واتە 3 کاتژمێر، بەڵام کاتێك بەکارهێنەر لە گەشت و گەڕاندایە ئەو ماوەیە زۆر گرنگ نییە.



# سایتێک بۆ سەیرکردنی تەلەڤزیۆن

حەز دەکەی لەســـەر شاشـــەی کۆمپیوتەرەکـــەت ســـەیری ئەو تەلەڤزیۆنە بکەی کە مەبەســـتتە، ئەگەر لە شوێنێکی و تەلەڤزیۆنی لـــێ نییە، یان ئـــەو کەناڵەی کە مەبەستتە لەسەر تەلەڤزیۆن نییە، دەتوانی سەر لە سایتی www.vie-my.tv بدەی، ئەم سایتە پۆرتاڵێکی تەلەڤزیۆنییـــە، بەهۆیەوە دەتوانی کەناڵی مەبەستی خۆت بدۆزیەوە. ئەگەر حەزت لە ژانرێکی تایبەتە، وەك (فیلـــم، گۆرانـــی، هەواڵ، دراما) ئەوە لەســـەرەوەی سایتەکە تەلەڤزیۆنێـــك هەڵبژێرە کە ئەوەی مەبەستتە نیشانی بدات. تەنانەت دەتوانی بەپێـــی ناوچە و وڵاتیش تەلەڤزیۆنـــی مەبەســـتی خۆت بدۆزیـــەوە. بەڵام دەبێـــت خێرایی ئینتەرنێت لەســـەرێ بێت، ئەگینا لەکاتی نیشاندانی تەلەڤزیۆنەکاندا پچڕانی تێدەکەوێ..

# دیسکتۆپێک وەک لاپتۆپ شەحن دەبێتەوە

کۆمپیوتەری ســـەرمێز واتە دیســـکتۆپ، گرفتی ســـەرەکی ئەوەیە کە وزەی خۆی لە کارەبـــا وەردەگرێت و هەرکە کارەبا ڕۆیشـــت ئەویش دەکوژێتەوە، هەرچەندە UPS تا رادەیەك ئەم گرفتەی چارەســـەر کردووە، بەڵام UPSیش ماوەیەکـــی کەم باتری لەخۆیدا رادەگرێت بۆ چارەســـەری ئەم گرفتە و بۆ ئەوەی کە کۆمپیوتەری ســـەرمێزیش وەك لاپتۆپ شەحن بکرێتـــەوە، کۆمپانیای Eurocom نوێترین کۆمپیوتەری بێ کەیســـی خۆی کە بە All-in-one ناسراون خســـتە بازاڕەوە. ئەم کۆمپیوتەرە نوێیە کە بەناوی Uno4 ناسراوە، لەناوخۆیدا باترییەکی تێدایە کە هەتا شەش کاتژمێر شەحنەکەی دانابەزێت.

کۆمپیوتـــەری ناوبراو، تایبەتمەندییەکانی گرنگ و بەرچـــاون، چوارچێوەیەکی بەهێزی هەیـــە، زۆر بـــە وردبینی دروســـتکراوە هەر بۆیە بـــەر هاتنی بۆ بازاڕ ســـەرنجی زۆر لە لایەنگرانی راکێشاوە. شاشـــەی کۆمپیوتەرەکە تەواو لەمسییە، لە قوتابخانەکان، نۆرینگەی پزیشـــکان، نەخشەسازان ســـوودی لێوەردەگیردرێت. خێراییەکەی 2.9 گیگاهێرتزە. رامەکەی 16 گیگابایتە. هەتـــا هاردی 5 ترابایتیش هەڵدەگرێت، شاشـــەکەی 21.5 ئینجە. کوالیتی نیشاندانی فول ئێچ دییە. کێشەکەی 7.5 نیوە. دەسکێکی هەیە دەکرێت بە ئاسانی هەڵبگیرێت.

